Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090201

# پەیڕەوی ئاماژەکردن لە زمانی کوردیدا - شێوەزاری سلێمانی

ئازاد ئەحمەد حسەین

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێجی زمان / زانکۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: February,2022
Accepted : April,2022
Published :June ,2022

*Keywords*

ئاماژەکردن لە زماندا، ئاماژەکردن لە کوردیدا، شێوەزاری سلێمانی

Corresponding Author

azad.hussain@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( پەیڕەوی ئاماژەکردن لە زمانی کوردیدا - شێوەزاری سلێمانی) دا یە و سنووری بابەتەکە، هەردوو ئاستی سینتاکس و پراگماتیك دەگرێتەوە، هەوڵدانێکە بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئاماژەی ئەو کەرەستە زمانییانەی ، کە واتایەکی تاریك و ناڕوونیان هەیە و بە نیشانەی پراگماتیکی دانراون، بۆ ئەوەی واتاکانیان لای گوێگر ، یان خوێنەر ڕوونببێتەوە و لە پەیامی قسەکەر تێبگات. ئاماژە تەنیا گوزارشت لە شتێك ، یان چەند شتێك ناکات ، بەڵکو دەربڕینێکی کردەییە و گوزارشتێکی فرە ڕەهەندی هەیە و ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری لە پرۆسەی ئاخاوتندا هەیە ، واتە لە دەربڕین و گەیاندنی بیردا، بە ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت . ئەو دانە زمانییانەی ، پەیڕەوی ئاماژەکردن بەڕێوەدەبەن، ڕۆڵێکی کارایان لە داڕشتنی پێکهاتەی ڕستەدا هەیە و کەرەستە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی ڕۆنانی ڕستە پێکدەهێنن، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لێیان ، هاوکات لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆنانی ڕستە. هەموو ئەم گرنگیدانە هۆکاربوون ، بۆ ئەوەی توێژینەوەکە لەم بوارەدا ئەنجام بدرێت.

## پێشەکی:

ئاماژە پەیوەندییەکی سینتاکسی و واتاییە لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەدا، هاوکات پەیوەندییەکی واتاییشە لەنێوان کەرەستەکانی ڕستە و تەنێك ، یان دیاردەیەك لە دەرەوەی ڕستەدا ( دەرەوەی زمان ) . لەبەر ئەوە ئاماژە لەسەر بنەمای بوونی دوو ڕەگەز ئەنجامدەدرێت، کە (ئاماژەکەر) و (ئاماژەبۆکراو) ن. لە سنووری ڕستەدا ، پەیوەندییەکی گرنگە و ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەیە، لە دارشتنی دانە پێکهێنەرەکانی ڕستە (فرێزەکان)، چونکە بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستە ، کە فرێزی ناوی و کردارین، لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییە بە یەکەوە گرێدراون. لەبەر ئەوە دەتوانرێت بوترێت ، کە ڕستە نییە لە پەیوەندیی ئاماژە بێ بەش بێت. ڕستە وەك هێمایەك بۆ بیر، لە چەند هێمایەکی تر پێکدێت، کە هەر یەکەیان ئاماژەن بۆ کەرەستەیەك لە دەرەوەی زمان و هاوکات ئاماژەی ناوەکیشیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا :

- دارا کتێبەکەی خوێندەوە .

هەریەك لە ( دارا ) و ( کتێب ) ، کە دوو هێمان و فرێزی ناویان دارشتووە ، ئاماژەن بۆ (کەسێك ) و (تەنێك ) لە دەرەوەی زماندا، هاوکات جێناوی لکاوی ( ی ) ، کە کرداری دارشتووە ، ئاماژەیە بۆ فرێزی ناویی (دارا) ، کە بکەری ڕستەکەیە . کەواتە وەك لەو نموونەیەدا دەردەکەوێت، لە سنووری ڕستەدا ، زیاتر لە جۆرێك ئاماژە هەیە و لەسەر ئەم بنەمایە، ئاماژە بۆ ( سینتاکسی ) و (پراگماتیکی ) پۆلدەکرێت. ئەو کەرەستانەی ڕستە، کە ئاماژەی پراگماتیکییان هەیە، لە زانستی پراگماتیکدا بە ( نیشانکار – یان نیشانە پراگماتیکییەکان ) ناودەبرێن، کە (( فۆرمی زمانیی تەموموژاوین و ئاماژە بۆ کەس، کات، شوێن، پلە و پایە، ... هتد، دەکەن و زمان و دەروبەر بەیەکەوە دەبەستنەوە )). (Levinson , 2010 : 45 )

واتە نیشانکارەکان لە ڕووی واتاییەوە ، تاریك و لێڵن، بەڵام بەپێی ئەو دەوروبەرانەی ، کە تێیاندا بەکاردەهێنرێن ، واتاکانیان ، کە پەیوەستە بە ( ئاماژەبۆکراوەکانیان ) دیاریدەکرێن. دەوروبەر چەمکێکی فراوان و فرەڕەهەندە ، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە ، کە کاریگەرییان لەسەر زمان لە ئێستا و ڕابردوودا هەیە و بۆ لێکدانەوەی واتا و ئاماژە ، گرنگییەکی زۆریان هەیە و لەنێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا ، خاڵێکی گرنگی جیاکەرەوەیە . ( بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١ : ٢٨ -٣٢ ) .

نیشانکارەکان لە سنووری ڕستەدا ، جێکەوتەی فرێزێکی ناویی تەواو پڕدەکەنەوە ، ئەمەیش بە دیاردەیەکی ئابوری لە زمانەوانیدا دادەنرێت، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا :

- ئاکۆ و ئاسۆ چوون بۆ بازاڕ و کراسێکیان کڕی و گەڕانەوە .

جێناوە کەسییە لکاوەکانی ( یان ، ن ) ، ئاماژەن بۆ ( ئاکۆ و ئاسۆ ) و دروستەی ڕستەکەیان لە دووبارەکردنەوە پاراستووە و بە هۆیانەوە دەزانرێت، کە ئەوانەی ئەو دوو کردەیەیان ئەنجامداوە ، کێن. کەواتە نیشانکارەکان گرنگترین هۆکارن بۆ بەستنەوەی بەشەکانی ڕستە بە یەکترەوە و لە زانستی زمانی دەقدا بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێن ، بۆ گونجاندنی دەق، لەگەڵ دەوروبەردا، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی نێوان فرێزەکانی ڕستە، یان لێکدانە زمانییەکان و دەوروبەر دەخەنەڕوو. لەبەر ئەوە نیشانکارەکان کردەیەکی پراگماتیکی ئەنجامدەدەن و بە هەڵوێستەیەکی دیاریکراوەوە نابەسترێنەوە، بەڵکو تایبەتن بەو زانیاری و واتایانەی ، کە لای قسەکەر و گوێگر لە کاتی دەربڕیندا پێشبینی دەکرێن .

جۆرەکانی نیشانکارەکان :

نیشانکارەکان بەپێی جۆری ئاماژەبۆکراوەکانیان ( کە سەرچاوەی ڕوونکردنەوەی واتاکانیان )، بۆ چەند جۆرێك پۆلدەکرێن ، (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١: ١٠٨ – ١١٦ ) ، ( شێرزاد سەبری عەلی، ٢٠١٤ : ١٦٩ – ١٧٦ ) :

یەکەم : نیشانکارە ئاماژەییەکان ( Demonstratives ) :

بەشێکی گرنگیی ئاخاوتن ، ئاماژەیەکی گشتی دەگەیەنن و بەبێ دەوروبەر واتایان نابێت و لە دروستەی ڕستەدا دەتوانن بە تەنیا جێکەوتەی فرێزی ناویی بکەر، یان بەرکار پڕبکەنەوە ، یان لەگەڵ ئاماژەبۆکراوەکانیاندا ئەرکی بکەر، یان بەرکار ببینن ، وەك لەم ڕستانەدا دیارە :

- ئەمە/ ئەوە برامە ⟵ ئەم کوڕە / ئەو کوڕە برامە .

- ئەمانە / ئەوانە برامن ⟵ ئەم کوڕانە / ئەو کوڕانە برامن .

واتە ئەم نیشانکارانە ، بەپێی دووری و نزیکی پۆلکراون. بۆ دیاریکردنی ئاماژەبۆکراوەکانیان ، پێویستە جوڵەی بەشێك لە ئەندامانی جەستە ( زمانی جەستە ) لەگەڵیاندا بەکاربێت، ئەگینا ڕستەکە لەگەڵ دەوروبەردا جووت نابێت و نابێتە دەقێکی زیندوو ، واتە ئەم نیشانکارانە ، بەبێ زمانی جەستە، ناتوانن بیر لە سنوری ڕستەدا بگەیەنن. کەواتە جەستەی مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن و گەیاندنی بیر، واتە دۆزینەوەی ئاماژەی نیشانکارەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت ، بە تەنیا ، یان شان بە شانی کەرەستە زمانییەکان ، چونکە کردەی پەیوەندیکردن ژمارەیەکی زۆر جوڵە و هێمای جەستەی تێدا بەکاردەهێنرێت، کە ڕەنگدانەوەی بیر و گوزارشتکردن لە ناخی مرۆڤن . لەبەر ئەوە بەشێکن لە کلتور و بە ڕێککەوتنی کۆمەڵگەوە پەیوەستن. کەواتە بەکارهێنانی جەستە ، وەك دانەیەکی زمانی بۆ ئاماژەکردن ، لەگەڵ نیشانکارەکانی ئاماژە و هەندێك نیشانکاری تردا ، بەشێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بە بنەمایەکی گرنگیی پەیوەندیکردن دادەنرێت (( لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا ، بە پەیوەندیکردنی نا وتەیی دادەنرێت )) . ( بۆ زانیاریی زیاتر ، بڕوانە : شنە ئەبوبەکر ئەحمەد ، ٢٠٠٨ : ٣٥ ) .

ئاماژەی نا زمانیش بە گشتی ، گەیاندنی پەیام، یان زانیارییە ، لەڕێی هێما و بزواندنی ئەندامانی جەستە ، یان ڕوخسارییەکانەوە ، زۆرجاریش ئەم هێما و بزواندنانە لە نەستەوە دەکرێن و قسەکەر لێیان بێ ئاگایە . ( بۆ زانیاریی زیاتر ، بڕوانە : محمد ئەمین حسین ، ٢٠٠٧ : ١٧ ) .

کەواتە دەتوانرێت بوترێت، کە جوڵەی جەستە بۆ بەهێزکردنی ئاماژەی ئەم نیشانکارانە بەکاردەهێنرێت، بە تایبەتی لە بارودۆخی جەختکردندا. وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دیارە ، ئەگەر قسەکەر مەبەستی بێت ، جەخت لەسەر ئاماژەبۆکراوی نیشانکارەکان بکات، ئەوا دروستەی فرێزەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و ئاماژەبۆکراوەکان دەبنە دیارخراوی نیشانکارەکان. کەواتە دروستەکانی ( ئەم / ئەو + ناو + ە ) ، ( ئەم / ئەو + ناوی کۆ + ە ) ، پەیوەست بە لایەنی دەروونی قسەکەرەوە دارێژراون .

لەبەر ئەوە نیشانکارە ئاماژەییەکان بەشێکی گرنگ لە پەیڕەوی ئاماژەکردن پێکدەهێنن و لە زمانی کوردیدا ، زیاتر هەڵسوکەوتی سینتاکسییان لێیکۆڵراوەتەوە ، وەك یەکێك لە دیارخەرەکانی ناو لە فرێزی ناویدا.

ئەو ئاماژانەی ، ئەم نیشانکارانە هەیانە ، بە ( ئاماژەی جووڵەیی ) لە زانستی پراگماتیکدا دادەنرێن . (بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئاماژەیی جوڵەییەوە ، بڕوانە : عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١: ١٠٠ ) .

دووەم : نیشانکارە کەسییەکان - Person Deixis :

نیشانکارە کەسییەکان زاراوەی ( جێناو ) یان بۆ بەکارهێنراوە و لە زمانی کوردیدا ، زیاتر وەك کەرەستەیەکی گرنگ و چالاکی ئاستی ڕستەسازی لێیانکۆڵراوەتەوە و لایەنە واتایی و پراگماتییەکانیان کەمتر شیکراونەتەوە و باسکراون. گرنگی و بایەخی ئەمجۆرەی نیشانکارەکان نازانرێت و بە شاراوەیی دەمینێتەوە، ئەگەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا لێیان نەکۆڵرێتەوە ، واتە وەك کەرەستەیەکی زمانی، واتایەکی لێڵ و تەمومژاوییان دەبێت، ئەگەر بە چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا پەیوەست نەکرێن ، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا :

- ئەوان زەوییەکەیان فرۆشت .

( ئەوان ) ، کە جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی کۆ یە، کەرەستەیەکی سەرەکییە و لە جێکەوتەی فرێزی ناویی ڕستەکەدا دەرکەوتووە ، واتایەکی ڕوونی نییە ، واتە ئاماژەیەکی لێڵی هەیە ، ئەگەر ئەو دەوروبەرە نەزانرێت ، کە ڕستەکەی ( ئاخاوتنەکەی ) تێدا وتراوە . لەبەر ئەوە گوێگر ، یان خوێنەر بۆ ئەوەی لەم ڕستەیە تێبگات ، پێویستە ئاماژەبۆکراوی ( ئەوان ) بزانێت ، کە مەبەست کێن ؟ مامۆستان ، فەرمانبەرن ، ...... هتد ، واتە لە ڕێی دەوروبەری ئاخاوتنەکەوە ، کە لێرەدا ( نزیکی و زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرە) ، ئاماژەی ( ئەوان ) دەزانرێت و واتەکەی ڕووندەبێتەوە . بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕستەیە لە قسەکەرێکەوە بۆ گوێگرێك دەبێت ، کە بزانێت (ئەوان ) کێن و بیانناسێت ، بەڵام ئەگەر زانیاریی هاوبەش لە ئارادا نەبوو ، ئەوا قسەکەر دەبێت دیارخەرێك لە شێوەی ڕستەدا بۆ دروستەی فرێزە ناوییەکە دابنێت و لە ئەنجامدا ، گۆڕانکاری بەسەر ڕۆنانی ڕستەکەدا دێت و ڕستەیەکی ناسادە لە جۆری ئاڵۆز بەرهەمدێت:

- ئەوان کە هاورێی تۆن ، زەوییەکەیان فرۆشت .

واتە ئەم ڕستەیە ، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە زانیاریی هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگردا نییە، لەبەر ئەوە دەوروبەر بە هۆکارێکی گرنگ لە داڕشتنی دانە سینتاکسییەکاندا دادەنرێت . نیشانکارە کەسییەکان لە هەر ڕستەیەکدا بەکاربهێنرێن ، واتاکانیان ( ئاماژەکانیان ) ، بە دەوروبەری ئاخاوتنەکەوە پەیوەست دەبن و بەکارهێنان و دەرکەوتنیان لە ڕستەی جیاوازدا ، ئاماژە و واتای جیاوازیان دەبێت ، ئەمەش جۆرێك لە چالاکی بە زمان دەبەخشێت و بە دیاردەیەکی ئابوریکردنیش دادەنرێت . نیشانکارە کەسییەکان وەك دانەیەکی زمان ، ئاماژە بەو کەس، یان لایەنانە دەدەن ، کە لە پێکهاتەی ڕستەدا ، فۆرمەکانیان ئامادەن و بریتین لە قسەکەر و گوێگر و ئامادەنەبوو ، (( چونکە بۆ پەیوەندیکردنی ڕووبەڕوو ، چەند ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵدەبینن ، کە بنەمای ڕۆڵەکانیان لە نێوان کەسی یەکەم ، کە چەق نیشانەکەیە لە ڕەهەندی کۆمەڵگە و کەسی دووەم ، کە گوێگرە و کەسی سێیەم و ئەوانی تردان )) ( Verschueren , 1999 :20 )

کەواتە نیشانکارە کەسییەکان ، ئاماژەکانیان بە پێی دەوروبەر و کەس و شوێن دەگۆڕرێن ، لەبەر ئەوە واتایەکی جێگیر و دیاریکراویان نابێت ، تەنیا لەو دەوروبەرانەدا نەبێت ، کە ئاماژەیەکی گشتی دەگەیەنن ، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا ، لە پروپاگەندەیەکی بازرگانیدا دەوترێت :

-تۆی کڕیار پەلەبکە و یەکەیەکی نیشتەجێبوون بکڕە.

لێرەدا ئاماژەی نیشانکاری ( تۆ)، پێویستیی بە دەوروبەر نابێت وئاماژەبۆکراوەکەی دیار و ڕوونە، کە (مەبەست هەموو کەسێکە ) ، واتە چەمکێکی گشتی دەگەیەنێت، بە بێ هیچ تایبەتمەندییەکی دیاریکراو . نیشانکارە کەسییەکان ، کەرەستەیەکی پراگماتیکن و ڕاستەوخۆ دەق بە دەوروبەرەوە دەبەستنەوە . لە دروستەی ڕستەدا ، لە شێوەی دوو فۆرمی جیاوازدا دەردەکەون و لەم توێژینەوەیەدا ، زاراوەکانی ( فۆڕمی تەواو ) و ( فۆڕمی ناتەواو ) یان بۆ بەکارهێنراون .

فۆڕمی تەواو : من - ئێمە / تۆ – ئێوە / ئەو - ئەوان

فۆڕمی ناتەواو: م – مان / ت – تان / ی – یان

م – ین / یت – ن / Ø ، ات ، ێت - ن

فۆڕمی تەواوی نیشانکارە کەسییەکان ، پەیوەست بە ئاماژەکانیانەوە ، بۆ دوو کۆمەڵ پۆلدەکرێن :

أ - من – ئێمە / تۆ – ئێوە :

لە دروستەی ڕستەدا ، واتە لەناو دەقدا ، ئاماژە بۆ کەسێك لە دەرەوەی زمان ( دەقدا ) دەکەن ، واتە ئاماژەبۆکراوەکانیان لە دەرەوەی زماندا یە ، وەك :

- من مامۆستام .
- تۆ کەسێکی بەڕێزیت .
- ئێمە بۆ هەولێر دەچین .
- ئێوە ڕاپۆرتێك ئامادە بکەن .

( کەس ) لە دەرەوەی زمان

ناتوانرێت لە جێکەوتەی ئەم کۆمەڵە نیشانکارە ، ناوی کەس دابنرێت، کە ئەمەیش پێچەوانەی زاراوەی (جێناو) ە ، کە لە سەرچاوە ڕێزمانییە کوردییەکاندا بەرانبەریان بەکارهێنراوە، بە واتایەکی تر ، ئەم کەرەستانە جێناو نین .

ب - ئەو – ئەوان :

ئەم نیشانکارانە بە دوو شێوە ئاماژە بۆ کەس دەکەن :

١ – دەشێت ئاماژەبۆکراوەکانیان لە دەرەوەی زماندا بێت ، وەکو کۆمەڵەی (أ ) :

- ئەوان زۆر ماندوو بوون .
- ئەو خوێندکارە .

( کەس) لە دەرەوەی زمان

٢ – دەتوانن ئاماژە بۆ کەس لە سنوری ڕستەدا ( لەناو زماندا ) بکەن ، وەك :

-دارا و هاورێ و نەوزاد خوێندکارن و ئەوان هەموو ڕۆژێك لە کاتی خوێدا ئامادەدەبن .

( کەس ) لەناو زمان

واتە پەیوەست بە ئاماژەبۆکراوی نیشانکارە کەسییەکانەوە ، دوو جۆر ئاماژە دیاریدەکرێت ، وەك لەم هێڵكارییەدا خراوەتە ڕوو : ( Halliday & Hassan , 1976: 83)




دەرە ئاماژەی جووڵەیی - Gestural Usage :

لە هەندێك دەوروبەردا ، ئاماژەی نیشانکارە کەسییەکان پێویستی بە زمانی جەستە دەبێت، ئەمجۆرە بەکارهێنانە ، ڕێگەیەکە بۆ ئاماژەکردن بە جوڵەی ئەندامانی لەش لە هەڵسوکەوتی قسەکردندا ، وەك جوڵەی (دەست ، چاو ، برۆ ، ... هتد ) . (Levinson, 2010 : 65 ) . واتە لێرەدا جوڵەی بەشێك لە ئەندامانی لەش، دەبنە بەشێك لە پێکهاتەی ڕستە و قسەکەر پەیوەست پێیانەوە دەدوێت . ئەوەیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت ، کە مرۆڤ بەهۆی ئەندامەکانی دەنگییەوە قسە دەکات، بەڵام بە هەموو جەستەی دەدوێت، کە دەبێتە تەواوکەری ئاماژەکە ، بۆ نموونە کاتێك بەرانبەر قسەکەر ، چەند گوێگرێك ئامادەن ، کە هەر یەکەیان بە نیشانکاری ( تۆ ) ئاماژەیان بۆ دەکرێت، واتە لەو دەوروبەرەدا کۆمەڵێك ( تۆ ) هەن و کاتێك قسەکەر بیەوێت ( تۆ ) یەکیان بانگ بکات ، دەبێت جوڵەیەکی جەستەی ، وەك ( چاو ، دەست ، سەر) ، لەگەڵ نیشانکاری ( تۆ ) دا بەکاربهێنێت ، بۆ ئەوەی ئاماژەکەی ڕوون ببێتەوە و بیرەکەی بە ڕوونی بگات، وەك لەم ڕستەیەدا ڕوونکراوەتەوە :

– تۆ و تۆ وەرن و تۆ و تۆیش بڕۆن .

لەم جۆرە ڕستانەدا ، جگە لە ئاماژەی هێمایی ، ئاماژەی جوڵەی جەستەیش پێویست دەبێت و بەکاردەهێنرێت ، چونکە هەر یەك لەو ( تۆ ) یانە ، ئاماژە بۆ کەسێکی جیاواز دەکەن و واتایەکی جیاواز دەگەیەنن ، کە دەوروبەری ئاخاوتنەکە و زمانی جەستە دیارییان دەکەن، کەواتە لەم جۆرە ڕستانەدا ، پەیوەندیکردنی وتەیی و نا وتەیی ( زاری و نازاری ) تێکەڵ دەبن و بەیەکەوە ئاماژەی نیشانکارەکان ڕووندەکەنەوە .

دەرە ئاماژەی هێمایی - Symbolic usage :

ئاماژەی نیشانکارەکان پێویستی بە جوڵە ، یان زمانی جەستە نابێت، بەڵکو چەمکی ئاماژەبۆکراوی ڕستەکان لە دەوروبەردا بەدیدەکرێت . ( Levinson, 2010 : 65 ) ، بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا :

– ئێوەی دڵسۆز سەرکردەی وڵاتن .

چەمکی نیشانکاری ( ئێوە ) گشتییە و ئاماژە بۆ چەند کەسێك دەکات، نەك کەسێکی دیاریکراو. ئاماژەکە لە دەوروبەردا دیاریدەکرێت ، بەبێ هیچ ئاماژەیەکی جوڵەیی . لەم جۆرە ڕستانەدا (( ئەگەر بۆنەی گوتەکە نەزانرێت ، ئەوا نە کات ، نە شوێن ، لە توانایاندا نابێت ، واتای گوتراوەکە وەك پێویست بگەیەنن )) . ( هۆگر مەحموود فەرەج ، ٢٠٠٠ : ٦٥ ) .

لەم ڕستەیەدا ، ئەگەر ( ئێوە ) ئاماژە بۆ چەند خوێندکارێك بکات ، واتە بەرانبەر بە چەند خوێندکارێك وتنەکە دەربڕابێت، ئەوا ستایشکردن دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بۆنەی گوتنەکە ، یان دەوروبەرەکە گۆڕران، ئەوا واتای ڕستەکە بارێکی تر وەردەگرێت .

ناوە ئاماژە - Endophoric :

ئەو ئاماژانەن ، کە بۆ کەرەستەکانی ناو ڕستە دەگەڕێنەوە، واتە کردەی ئاماژەکردن لە ڕستەدا ڕوودەدات و پەیوەندی بە دەرەوەی ڕستە ( دنیای دەرەوە ) نییە. ( Halliday & Hassan , 1976: 37 ) .واتە لەم جۆرە ئاماژەیەدا، زمان و دەوروبەر بە یەکەوە نەبەستراون ، بەڵکو کەرەستەیەکی پێکهاتەی ڕستە، بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی، لە توانایدا هەیە، ئاماژە بۆ کەرەستەیەك، یان چەمکێکی پێش ، یان دوای خۆی بکات. ئەم جۆرە ئاماژەیە بە (دەقە ئاماژە ) یش ناودەبرێت و کەرەستە ئاماژەکەرەکانیش بە ( نیشانکاری دەق ) ناودەبرێن ، کە بەشەکانی وتن ، یان دەق بە یەکەوە گرێ دەدەن (Al-Sulaimaan , 2010 : 36). ڕۆڵێکی کارایان لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی ناو دەقدا هەیە ، بە تایبەتی نیشانکارەکانی وەك ( کەس ، خۆیی ) ، نیشانکارەکانی ئاماژە ، کات ، شوێن ، بەراورد . ( نەزیرە سابیر مستەفا ، ٢٠٢١ : ١٨٢ -١٨٣ ) .

ناوە ئاماژە بۆ دوو جۆر پۆلدەکرێت :

أ – ناوە ئاماژەی پێشەوە - Anaphora :

هەندێك وشە و ئامراز لە دروستەی فرێزەکانی ڕستەدا ، بۆ زانینی واتا و تێگەیشتن لێیان ، ئاماژە بۆ کەرەستە ، یان چەمکێکی پێش خۆیان دەکەن و زاراوەی ( ئەنافۆر ) بۆ ئەمجۆرە ئاماژەیە بەکارهێنراوە . ( بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەنافۆرەوە، بڕوانە : Denber ,1998 :1 ، Chomsky ,1981 :188 . ( Huddlstan ,1984 : 280 .

کەرەستە ئاماژەکەرەکان ( نیشانکارەکان ) لە دروستەی فرێزەکاندان ، بۆ دووبارە نەکردنەوەیان ، ئاماژە بە هێمایەکی تر دەدرێت . نیشانکارە کەسییەکان لەم جۆرە ئاماژەیەدا ، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەیە و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر پتەوی و توندو تۆڵی دروستەی ڕستە هەیە . بۆ دۆزینەوەی ناوە ئاماژەی پێشەوە، دەبێت خوێنەر بۆ بەشی پێشەوەی ڕستە ( دەق ) بگەڕێتەوە ، بۆ ئەوەی ئاماژەی نیشانکارە کەسییەکان لە لای ڕوون بێت ، لەبەر ئەوە نیشانکارە کەسییەکان لە جێکەوتەی فرێزێکی ناویدا دەردەکەون، بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە ، هەروەك ( لاینز) ڕایوایە ، کە (( ناوە ئاماژەی پێشەوە ، بەجۆرێك لە بریتی خستن دادەنرێت، بەمشێوەیە لەبری دووبارەکردنەوەی ناوەکە ، سود لە کەرەستە پراگماتیکییەکان وەردەگیرێت، بە تایبەتی جێناوە کەسییەکان )) ، ( قەیس کاکل تۆفیق ، ٢٠٠٢ : ٤٨ )

بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا :

- شیلان و نازەنین و هێرۆ بۆ هەولێر دەچن ، ئەوان هەفتەی داهاتوو دەگەڕێنەوە .

نیشانکاری کەسی ( ئەوان ) ، ئاماژە بۆ چەند کەسێك دەکات ، کە لە سنوری دروستەی ڕستەکەدا ، ( لە ڕستەی یەکەمدا ) دیاریکراون ، واتە ( شیلان ، نازەنین ، هێرۆ )، سەرچاوەی ئاماژەی نیشانکاریی ( ئەوان ) ن، لەبەر ئەوە لەو دەوروبەرە زمانییەدا ، واتای نیشانکارەکە ڕووندەبێتەوە و دەزانرێت ، مەبەست لە کێن ، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەرە نازمانییەکە .

پێویستە ئەوەیش بوترێت ، کە ئەم ڕستەیە لەنێوان قسەکەرێك و گوێگرێکدا بەکاردەهێنرێت ، کە زانیاریی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبێت، چونکە ئەگەر گوێگر ، یان خوێنەر زانیاریی لەبارەی هەریەك لە ( شیلان ، نازەنین ، هێرۆ ) وە نەبێت ، ئەوا قسەکەر ناچار دەبێت لە ڕێی زیادکردنی دیارخەرەوە بۆ دروستەی هەر یەك لەو فرێزانە ، ئەو ناوانە بە گوێگر بناسێنێت ، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەشدا ، دروستەی فرێزەکان فراوان دەبن، وەك :

- شیلانی خوشکم و نازەنینی دراوسێمان و هێرۆی هاوڕێم بۆ هەولێر دەچن ، ئەوان هەفتەی داهاتوو دەگەڕێنەوە.

لەبەر ئەوەی نیشانکارە کەسییەکان فۆڕمی تەواون، بەرانبەریان فۆڕمی ناتەواو هەیە، کە (جێناوە کەسییە لکاوەکانن ) ، دەتوانرێت وەك دیاردەیەکی ئابوریکردن، فۆڕمی تەواوی نیشانکارە کەسییەکە لە دروستەی ڕستەکەدا لاببرێت، لەم بارەدا فۆڕمە ناتەواوەکە ، ئاماژەی فۆڕمە تەواوەکە و ( شیلان و نازەنین و هێرۆ) یش دەبێت، وەك :

– شیلان و نازەنین و هێرۆ بۆ هەولێر دەچن، هەفتەی داهاتوو دەگەڕێنەوە .

ب – ناوە ئاماژەی دواوە Cataphora :

لەم جۆرە ئاماژەیەدا ، نیشانکارە کەسییەکان، ئاماژە بۆ دواوەی خۆیان دەکەن، واتە سەرچاوەی زانینی ئاماژەکەیان ، لە دوای خۆیانەوە دەبێت. (( ناوە ئاماژەی دواوە زۆربەی کات بە نیشانەی دوو خاڵی لەسەر یەك ( : ) ئاماژەی پێدەکرێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، کاریگەریی لەسەر یەکگرتنی بەشەکانی ڕستە (دەق) هەیە . ئەمە گوزارشت لەوە ناکات ، کە هیچ پەیوەندییەکی پێکهاتەیی لەنێوانیاندا نییە، بەڵکو تەنیا نیشانەیەکە بۆ وەستانی هەناسە لەو شوێنەدا ، ئەمە یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی )) . (Halliday & Hassan , 1976 : 17 ) .

بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا :

– ئێمە ، کە کۆمەڵێك خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی کوردین ، دەمانەوێت سیمینارێك پێشکەش بکەین .

قسەکەر لێرەدا ، گریمانەی ئەوەی کردووە ، کە گوێگر نازانێت ( ئێمە ) کێن ، بۆیە لە ڕێگەی دیارخەرێکی ڕستەییەوە ، ئاماژە و واتای ( ئێمە ) ی ڕوونکردۆتەوە ، واتە نیشانکاری ( ئێمە ) ئاماژە بە (کۆمەڵێك خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی کوردی ) دەکات . نەبوونی زانیاریی پێشینە ، لای گوێگر ، کاریگەریی لەسەر دروستەی ڕستەی کرد و بەرەو دروستەی ڕستەیەکی ئاڵۆز گۆڕی .

فۆڕمی ناتەواوی نیشانکارە کەسییە سەربەخۆکان ( جێناوە لکاوەکان ) ، جگە لە ئاماژەکردن بۆ فرێزی ناوی بکەر ، دەتوانن لە سنوری ڕستەدا ، ئاماژە بۆ کەس لە چوارچێوەی ئەرکە سینتاکسییە جیاوازەکاندا بکەن، ئەوەیش لەو دەوروبەرانەدا دەبێت، کاتێك لە دروستەی ڕستەدا ، ئەو کەرەستانەی دروستەی فرێزەکانیان داڕشتووە، سەرپشکییانە بۆ شوێنی سەرەتای ڕستە ( پێش بکەر) بگوێزرێنەوە، کە بە شوێنی ( باس - Topic ) ناسراوە . ( بۆ زانیاریی زیاتر ، بڕوانە : محمد معروف فتاح ، ١٩٩٢ : ٣٢ ) ، کە لە بنەڕەتدا ، جێکەوتەی هیچ ئەرکێکی سینتاکسی نییە و بۆ مەبەستی جەختکردن ئەم پرۆسەیە ڕوودەدات ، کە دیاردەیەکی سینتاکسییە و لە جێبەجێکردنیدا (کۆپیکردن ) ، کە یاسایەکی گواستنەوەی بە خورتییە ، پیادەدەکرێت ، (بۆ زانیاریی زیاتر ، بڕوانە : ئازاد ئەحمەد حسەین ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژ. ٢٢ ، ٢٠١٢: ٢٢٩ -٢٥٠ ) . واتە لە جێکەوتەی فرێزە گوێزراوەکاندا ، بەپێی کەس و ژمارەیان ، جێناوێکی لکاو دادەنرێت ، بۆ ئەوەی ڕۆنانە سینتاکسییەکان تێکنەچن و هاوکات ئاماژەی کەرەستە گوێزراوەکەیش جێبەجێ بکات . لێرەدا بەپێی ئەرکی سینتاکسیی کەرەستە گوێزراوەکان ، ئاماژەی جێناوەکان ڕووندەکەینەوە :

١ – دیارخراو لە فرێزی ناویدا :

- هەموو خوێندکارەکان هاتن .

-خوێندکارەکان هەموویان هاتن .

ئاماژەیە بۆ ( خوێندکارەکان ) ، کە کۆمەڵە کەسێکن لە دەرەوەی زماندا.

٢ – دیارخەر لە فرێزی ناویدا :

-من کتێبەکەی تۆم برد .

-تۆ ، من کتێبەکەتم برد / کتێبەکەم بردیت ،

ئاماژەیە بۆ ( تۆ ) ، کە کەسێکە لە دەرەوەی زمان .

٣ – بەرکار :

- من ئەوانم بینی .

- ئەوان ، من بینیمن .

ئاماژەیە بۆ ( ئەوان ) ، کە کۆمەڵە کەسێکن لە دەرەوەی زماندا .

٤ – ئەدڤێربڵ :

-ئەوان کتێبەکەیان لە تۆ وەرگرت .

-تۆ ، ئەوان کتێبەکەیان لێت وەرگرت / لێ وەرگرتیت .

ئاماژەیە بۆ ( تۆ ) ، کە کەسێکە لە دەرەوەی زماندا .

چەند جۆرێکی تری نیشانکارە کەسییەکان :

أ – ناوی کەسی :

ناوە کەسییەکان لە دروستەی ڕستەدا ، ئاماژە بۆ کەس لە دەرەوەی زماندا دەکەن ، لێرەدا پێویستە گوێگر ، یان خوێنەر ناسنامەی کەسەکان بزانێت ، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕستەکە بگات و ئاخاوتنەکە شیبکاتەوە ، کە ئەو ناوەی

تێدا بەکارهاتووە و فرێزێکی ڕستەکەی پێکهێناوە. ( بۆ زانیاریی زیاتر ، بڕوانە : Farrokhpey .1997: 323 )

بۆ نموونە لەم ڕستەیەدا :

– ئارام زەوییەکەی کڕی .

( ئارام ) ئاماژە بۆ کەسێك لە دەرەوەی زماندا دەکات، بۆ تێگەیشتن لە بیری ڕستەکە پێویستە دەوروبەری نێوان قسەکەر و گوێگر ، واتە ( زانیاریی هاوبەشی نێوانیان ) بە هەند وەربگیرێت و گوێگر ( ئارام ) بناسێت و بزانێت، کە کێیە و تەمەنی چەندە و کاری چییە و ... هتد. ئەگەر ئەم زانیارییانە لای گوێگر نەبوون، قسەکەر ناچار دەبێت لە ڕێگەی دیارخەرێکی فرێزی، یان ڕستەییەوە ، (ئارام ) بە خوێنەر ( گوێگر ) بناسێنێت و لەم بارەدا گۆڕانکاری بەسەر دروستەی فرێز و ڕستەکەدا دێن ، وەك :

- ئارامی برام زەوییەکەی کڕی .

- ئارام ، کە برامە ، زەوییەکەی کڕی .

ئەم دروستانە ، بەڵگەن بۆ ئەوەی کە زانیاریی هاوبەش لە بارەی ( ئارام ) ەوە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا نین .

ب – نازناو ( پیشە ، ئایینی ) :

نازناو لە دروستەی فرێزە ناوییەکاندا ، یەکێکن لە دیارخەرەکانی پێشەوە و لە دەوروبەردا دەتوانن جێکەوتەی دیارخراوەکانیان پڕبکەنەوە و ئەرکە سینتاکسییەکان جێبەجێ بکەن و ئاماژەیش بگەیەنن ، وەك :

- مامۆستا دەناسم .

- دکتۆر هات .

↓

( کەس ) لە دەرەوەی زمان .

لە کاتی نەبوونی زانیاریی هاوبەشدا ، قسەکەر ناوی دیارخەرەکان دەهێنێت و گۆڕانکاری لە دروستەی فرێزەکاندا دەکات ، وەك :

- مامۆستا ئاری دەناسم .

- دکتۆر سالار هات .

-حاجی کەریم ڕۆیشت .

- شێخ کەمال قسەی نەکرد .

ج – زاراوەکانی خزمایەتی ( خاڵ ، باوك ، مام ، ....هتد ) :

- خالّم مامۆستایە .

- مامت هاوڕێمە .

( کەس ) لە دەرەوەی زمان .

زاراوەکانی خزمایەتی ، لە زانستی پراگماتیکدا بە ( نیشانکاری کۆمەڵایەتی ) ناودەبرێن و پلە و پایەی هاوبەشەکانی ئاخاوتن و پەیوەندیی نێوانیان دیاریدەکەن، ئایا پەیوەندییەکە خزمایەتییە، یان فەرمییە . ( Matthews, 2007 : 371 ) .

سێیەم : نیشانکارە کاتییەکان - Temporal Deixis :

ئەوانەن ، کە کاتی وتن لە ڕوانگەی هاوبەشانی ئاخاوتنەوە دیاریدەکەن ( محمد محمد یونس ، ٢٠٠٤ : ٢١ ) ، واتە کاتی قسەکردن دیاریدەکەن ، کە ( ساڵ و مانگ و ڕۆژ ، ... هتد ) دەگرێتەوە .

( Levinson , 2010 : 75 ) .

لە سنووری دروستەی ڕستەدا ، دوو جۆر کات دەبێت لە یەکتر جیابکرێنەوە :

أ - کاتی کردار ، کە ڕەگەزێکی سەرەکی و بنچیی داڕشتنی کردارە و بە کاتی ڕێزمانی ناودەبرێت و لەشێوەی مۆرفیمی بەندا لەناو پێکهاتەی کرداردا دەردەکەون ، وەك ( أ ، د ، ت ، وو ، ی ، ێ ) .

ب – کاتی قسەکردن ، یان کاتی فیزیکی ئەو وشانە دەگرنەوە ، کە ئاماژەن بۆ کاتێکی دیاریکراو و لە دروستەی ڕستەدا ، لەشێوەی ئەدڤێربێلدا دەردەکەون ، وەك ( ئێستا ، دوێنێ ، بەهار، ... هتد ) . ( سەرچاوەی پێشوو ) .

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە ، کاتی فیزیکییە ، کە ناوی کاتەکان لە دروستەی فرێزە پرپێۆزیشنییەکاندا دایاندەڕێژن و ئاماژە بە کات لە دنیای دەرەوەدا ( لۆجیك )دا دەکەن ، وەك لەم ڕستانەدا خراونەتە ڕوو :

- ئەوان دوێنێ لە بازاڕ بوون .

- دارا ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکە تەواو دەکات .

فرێزە ناوییەکانی ( دوێنێ ، ئەمڕۆ ) ، نیشانکاری کاتن ، ئاماژە بە کات لە دنیای دەرەوەدا دەدەن، کە بەهۆی دەوروبەرەوە دەستنیشان دەکرێن، ئەو دەوروبەرەیش بریتییە لە زانینی ئەو کاتەی ، کە ئەم ئاخاوتنە ، یان ڕستەیەی تێدا وتراوە ، واتە کاتی ئاخاوتن دەبێتە سەرچاوەی دۆزینەوەی ئاماژەکە . ( Verchuerence ,2003 : 18 ) .

بە بۆچوونی ( یورجن بافل ) ، نیشانکارە کاتییەکان ئاماژەن بۆ کاتێك ، کە قسەکەر پەیوەست پێیەوە ئاخاوتنەکەی ئەنجامدەدات . ( یورجن بافل ، ٢٠٠٩ : ١٨٣ ) .

ئەم نیشانکارانە لە دروستەی ڕستەدا ، لەشێوەی فرێزە پرپێۆزیشنییەکاندان و ئەرکی دیارخەری ( ناو ) دەبینن و لە توانایاندا هەیە ، جێکەوتەی دیارخراو و پرپێۆزیشنەکە پڕبکەنەوە و بە تەنیا دروستەی فرێزەکە دابڕێژن و ئاماژەکە جێبەجێ بکەن ، وەك لەم ڕستانەدا ڕوونکراونەتەوە :

- ئێمە لە وەرزی بەهاردا بۆ سەیران دەچین .

- ئێمە بەهار بۆ سەیران دەچین .

ئەمەیش بۆ زانیاریی گشتی هاوبەشەکانی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە ، واتە قسەکەر گریمانەی ئەوەی کردووە، کە ( بەهار ) ئاماژەیە بۆ ( وەرز ) و ئەم زانیارییەیش لای گوێگر ، یان خوێنەر هەیە . ئەمەیش بووە بەهۆی ئەوەی ، کە گۆڕانکاری بەسەر ڕۆنانی فرێزەکەدا بێت .

چوارەم : نیشانکارە شوێنییەکان - Spatial Deixis :

ئاماژە بۆ شوێن دەکەن، کە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیان ، پێویستییان بە زانینی شوێنی قسەکەرە لە کاتی ئاخاوتندا ، واتە گوێگر بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ئاماژەیە بناسێتەوە ، دەبێت شوێنی قسەکەر بزانێت. ( محمد حسن عبد العزیز ، ٢٠١١ : ٣٤٧ ) . ئەم نیشانکارانە بریتین لە ( ئێرە ، ئەوێ ، ئەم ژوورە ، لەم شارەدا ، ... هتد ) ، واتە لەشێوەی فرێزی پرپێۆزیشندا ، لە دروستەی ڕستەدا دەردەکەون ( فرانك بالمر ، ١٩٩٧ : ٢٢٦ ) ، بۆ نموونە لەم ڕستانەدا :

– ئۆتۆمبیلەکەی لە ئێرەدا دانا .

نیشانکاری ( لە ئێرەدا ) ، ئاماژە بۆ شوێنی جیاواز دەکات ، کە لە دەوروبەردا دەزانرێت و دیاریدەکرێت کە کوێیە .

– ئەم ژوورە زۆر ساردە .

ئەم ڕستە ، یان ئاخاوتنە لە هەر ژوورێکدا بوترێت ، دەبێتە ئاماژە بۆ ئەو ژوورە ، لەبەر ئەوە دەبێت دەوروبەر بزانرێت ، بۆ ئەوەی ئاماژەکە ڕوونبێتەوە و بزانرێت ژوورەکە کامەیە .

لە ئاخاوتندا چوار جۆر شوێنی بنچینەیی هەیە :

أ – شوێنی نزیك لە قسەکەر.

ب- شوێنی نزیك لە گوێگر.

ج – شوێنی نزیك لە جەماوەر.

د- شوێنی نزیك لە کەس ، کە نە جەماوەرە و نە قسەکەرە و نە گوێگرە .

( ئاڤێستا کەمال مەحمود ، ٢٠٠٩ : ٣٤ ) .

دوو جۆر ئاماژەکردن بۆ شوێن هەیە : ( عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ٢٠١١ : ١٠٥ ) .

أ – دیاریکردنی شوێن و ناوهێنانی، وەك :

– ئالان لە ژوورەکەی دانیشتووە .

ب – بە شوێن دیاریکردن ، کە سێ جۆرە :

١ – لەچاو شوێنێکی تردا : وەك :

– ماڵیان لە نزیك زانکۆی سلێمانییەوەیە .

٢- لەچاو خاڵێکی نەگۆڕدا ، وەك :

- کوردستان دەکەوێتە سەر هێڵی (٣٠°–40° ) ڕۆژهەڵات و (٣٧° - 48°) ڕۆژئاوا .

٣- لە ڕوانگەی هاوبەشەکانەوە ، وەك :

- خوێندنگە کە سێ سەد مەتر لێرەوە دوورە .

لە هەندێك دەوروبەردا ، بەهۆی جوڵەی ئەندامانی جەستەوە، ئاماژە بۆ شوێن دەکرێت ، وەك :

- وەرە ئێرە .

- برۆ بۆ ئەوێ .

- گۆڤارەکان لێرە دابنێ .

نیشانکاری ئاوەڵناوی – Adjective Deixis :

ئاوەڵناو لە دروستەی فرێز و ڕستەدا ، ئەرکی دیارخەری ناو دەبینێت ، لە هەندێك دەوروبەری زمانیدا ، بەشێك لە ئاوەڵناوە چۆنیەتییەکان ، کە تایبەتن بە مرۆڤ ، دەتوانن جێکەوتەی دیارخراوەکانیان پڕبکەنەوە ، واتە دیارخراوەکانیان لابرێن ، لەم بارەدا ئاوەڵناوەکان ئەرکی سینتاکسی دیارخراوەکانیان دەبینن و هاوکات لەبری ئەوان ئاماژە بۆ کەسێك لە دەرەوەی زماندا دەکەن ، بۆ نموونە لەم ڕستانەدا :

- خوێندکارە زیرەکەکان هاتن. ⟵ زیرەکەکان هاتن .

- من خوێندکارە زیرەکەکان دەبینم ⟵ من زیرەکەکان دەبینم .

- مرۆڤە شێتەکە هات. ⟵ شێتەکە هات .

- ئەوان مرۆڤە شێتەکەیان بینی . ⟵ ئەوان شێتەکەیان بینی .

لەو ڕستانەدا، ئاشکرایە کە ( زیرەك ، شێت )، سیفەتی مرۆڤن، واتە دیارخراوەکانیان ئاشکران، بۆیە لە دروستەی فرێزەکاندا لابراون و ئەرکە سینتاکسی و پراگماتییەکانیان بە ئاوەڵناوەکان سپێردراون ، لەبەر ئەوە ئاوەڵناوەکان ئاماژەن بۆ کەس لە دنیای دەرەوەدا ( دەرەوەی زمان ) .

هەندێك ئاوەڵناو هەن ، گشتین و سیفەتی مرۆڤ و نامرۆڤ وەکو یەك نیشاندەدەن ، لە توانایاندا نییە جێکەوتەی دیارخراوەکانیان پڕبکەنەوە، چونکە دیارخراوەکانیان ئاشکرانین و نازانرێت مرۆڤن ، یان نا ، لەبەر ئەوە ئاماژەیان نابێت ، وەك لەم ڕستانەدا خراونەتە ڕوو :

- کوڕێکی باشم بینی . ⟵ باشێکم بینی .

- خانوویەکی باشم بینی ⟵ باشێکم بینی .

وەك لە ڕستەکاندا دیارە، ( باش ) وەك سیفەت ، بۆ ( کوڕ ) و ( خانوو ) بەکارهاتووە ، بۆیە کاتێك جێکەوتەی دیارخراوەکانیان پڕدەکەنەوە ، لێڵی و تەمومژی لە پرۆسەی لە یەکگەیشتندا دروست دەبێت ، کە ئەمەیش بەهۆی نەناسینەوەی ئاماژەکانیانەوەیە .

ئاوەڵناو ، وەك نیشانکار لە دروستەی فرێزە پرێپۆزیشنییەکاندا ، دەتوانن کردەی ئاماژە جێبەجێ بکەن، واتە جێکەوتەی دیارخراوەکانیان پڕبکەنەوە، وەك لەم ڕستانەدا دیارە :

- من تۆ بە کەسێکی وریا دەزانم. ⟵ من تۆ بە وریا دەزانم .

-ئەوان ئێمە بە خوێندکارێکی لێهاتوو لەقەڵەم دەدەن. ⟵ ئەوان ئێمە بەلێهاتوو لەقەڵەم دەدەن.

## ئەنجام

ئەنجامە گرنگەکانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خراونەتە ڕوو :

١- ئاماژە پەیوەندییەکی گرنگی سینتاکسی و پراگماتیکییە و بنەمای داڕشتنی دانە سینتاکسییەکانە و هۆکارێکی گرنگی دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان ئاستەکانی سینتاکس و پراگماتیکدا .

٢- ئاماژە بە گشتی بۆ دوو جۆر پۆلدەکرێت :

أ - زمانی : بەهۆی نیشانکارەکانەوە ئەنجام دەدرێت .

ب – نا زمانی : لە ڕێگەی جوڵەی ئەندامانی جەستەوە ، وەك ( سەر ، چاو ، ڕوو ، ....هتد ) ، جێبەجی دەکرێت، کە هۆکارێکی گرنگن ، بۆ ئەوەی دەق لەگەڵ دەوروبەردا جووت ببێت و دەقێکی زیندوو بەرهەم بێت.

٣- ئاماژە لە دیاردەی ئابوری لە زماندا ، بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە ڕێگری لە دووبارەبوونەوە دەکات .

٤- ئاماژە پێویستی بە دەوروبەرە ، ( زمانی جەستە و زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر ) ، لەو دەوروبەرانەن ، کە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەیە و دەبنە بەشێك لە پێکهێنەرە ئاماژەییەکان.

٥- جێناوە کەسییەکان بە فۆرمی تەواو و ناتەواوە ، دیارترین و چالاکترین نیشانکاری پراگماتیکین و لەتوانایاندا هەیە ، هەموو جۆرەکانی ئاماژە جێبەجێ بکەن .

٦- هەندێك لە ئاوەڵناوە چۆنیەتییەکان، بە تایبەتی ئەوانەیان، کە دەتوانن جێکەوتەی دیارخراوەکانیان پڕبکەنەوە، دەبنە نیشانکارێکی پراگماتیکی ئاماژە بۆ کەس لەدەرەوەی زماندا دەکەن.

## سەرچاوەکان


<u>بە زمانی کوردی :</u>

١)ئازاد ئەحمەد حسەین ، ( ٢٠١٢ ) ، یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا - شێوەزاری سلێمانی ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژمارە ٢٢ ، ٢٠١٢ .

٢)ئاڤێستا کەمال مەحمود ، ( ٢٠٠٩ ) ، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە کرمانجی خوارووەدا ، دەزگای کوردۆلۆجی ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی .

٣)شنه ئەبوبەكر ئەحمەد ، ( ٢٠٠٨ )، زمانی جەستە ، نامەی ماستەر ، كۆلێژی زمان ، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر ، .

٤)شێرزاد سەبری عەلی ، ( ٢٠١٤ ) ، پراگماتیك ، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

٥)عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ( ٢٠١١) ، زانستی پراگماتیك ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی پاك، هەولێر.

٦)قەیس كاكل تۆفیق ، ( ٢٠٠٢) ، پەیوەندییەكانی نێو دەق ، نامەی دكتۆرا ، كۆلیژی زمان ، زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر.

٧)محەمەد ئەمین حسێن ، ( ٢٠٠٧) ، درۆ و هێماكانی درۆكردن ، چاپخانەی ئاوێنە ، سلێمانی .

٨)محەمەد مەعروف فتاح ، ( ١٩٩٢) ، باس لە جۆرێك لە ڕستەی كوردیدا ، ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١٢٨ .

٩)نەزیرە سابیر مستەفا ، ( ٢٠٢١ ) ، پراگماتیك و شێوازگەری ، چاپی یەكەم ، هەولێر.

١٠)هۆگر مەحموود فەرەج، (٢٠٠٠) ، واتای نیشانەكان، نامەی دكتۆرا ، كۆلیژی زمان ، زانكۆی سلێمانی.

<u>بە زمانی عەرەبی :</u>

١١)فرانك بالمر ، (١٩٩٧) ، علم الدلالة ، ترجمه : خالد محمود جمعة ، الطبعه الأولى ، مكتبه العروبة للنشر و التوزيع ، الكويت .

١٢)محمد حسن عبدالعزيز ، ( ٢٠٠٩ ) ، علم اللغه الحديث ، الناشر مكتبة الآداب ، الطبعة الأولى، القاهرة.

١٣)محمد محمد يونس على ، ( ٢٠٠٤ ) ، مقدمة فى علمي الدلالة و التخاطب، الطبعة الأولى ، دار الكتاب الجديد المتحدة ، بيروت – لبنان .

١٤)يورجن بافل ( ٢٠٠٩ ) ، البراجماتيكية ، من الكتاب : مباديء و مسارات في الدرس اللغوي الحديث ، ترجمه : سعيد حسن بحيري ، الطبعة الأولى ، الناشر مكتبة زهراء الشرق ، القاهرة .

<u>بە زمانی ئینگلیزی :</u>

Al-silaimaan .M.M. (2010) , Semantics and Pragmatics .First 15) . edition , Maktab Al –Ula . Mosul

Chomsky , Noam ( 1981) , Lectures on government and binding 16) . .Berlin , New York

Denber , Michel (1998 ) , Automatic Resolution of anaphora in 17) .English

Farrkhpey .M (1997) , Concise dictionary of linguistics, Second 18) . edition, Oxford University press

Halliday & Hassan (1976) , Cohesion in English , Longman , 19) . London

Huddeston , R. (1984) , Introduction to the grammar of English , 20) . University Press , Cambridge

.Levinson ,S.C . (2010) , Pragmatics , Cambridge University press 21)

Verschueren , Jef (1999) , Understanding Pragmatics ,Arnold, 22) .London



**ملخص البحث**

هذا البحث بعنوان ( نظام الإشارة في اللغة الكوردية – شكل لهجة السليمانية )، بحث نحوي – برجماتيكي ، أي لقد تم دمج مستويي اللغة في هذا البحث . الإشارة علاقة نحوية معنوية بين ادوات اللغة ، و في نفس الوقت علاقة معنوية بين ادوات الجملة و جسم ما خارج اللغة . لذلك فإن الإشارة تتم على عنصرين ، و هما ( المؤشر) و (المؤشر له ) .

المفردات اللغوية ، التى تطبقها الإشارة في اللغة ، غير واضحة من حيث المعنى ، و لكن حسب السياق ، الذي تستخدم فيه ، تتضح معانيه و تعرف . و السياق تمثل دور مهم في الإشارة ، و خاصة حركة الجسم ( لغة الجسد) و معلومات مشتركة بين المتكلم و المخاطب .

وصل البحث الى عده نتائج ، إحداها هي أن الإشارة سبب مهم لتجسيد ظاهره إقتصادية في اللغة، لأنها تمنع تكرار الكلمة في تكوين الجملة، و الضمائر المنفصلة و المتصلة هى إحدى المفردات النشطه في عملية الإشارة.

Abstract:

This research entitled (Signing System in Kurdish - Sulaymaniyah Tone Form), Purple Research - Purjatiki, Any Language level has been integrated into this research. The signal of a greater relationship between language tools , and at the same time a moral relationship between wholesale and object tools outside the language. Therefore, the reference is made on two elements, two (the indicator) and (indicator).

Language vocabulary, applied by signal in language, is unclear in terms of meaning, but according to the context, which is used, its meanings and knowledge. The context represents an important role in reference, especially body movement (body language) and joint information between speaker and address.

Research arrived in several results, one is that signal is an important reason to reflect an economic phenomenon in language, because it prevents the repetition of the word in the wholesale configuration, separate and related consensus is one of the active vocabulary in the signal process.